

## شۆڕشی چاکسازیی شێخ عەبدولسەلام بناغەیەکی تۆکمەی بۆ بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد داناو بارزانی نەمریش پێڕەوی کرد تا بەم قۆناغەی ئێستای گەیاند

وەك ئاشکرایە لایەنە مێژوویی و دیکۆمێنتەکانی دۆزی کوردو بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد زۆر بەکەمی بەعەقڵی دەرەوە گەیشتوون ، ئەگەر شتێکیش گەیشتبێ یانووسرا بێ ، ئەوەخۆمان نەمان کردوون و جگە لە رۆژهەڵاتناسی و گەڕیدەکان ، تورك و عارەب و فارسیش لەسەر ئێمەیان نووسیوە ، دیارە زۆربەشیان لە سۆنگەی بەرژەوەندی وهزرو بۆ چوونی خۆیانەوە لەسەر میللەتی کوردو کەلتورەکەمانیان نووسیووە .

ئێستا کە بارودۆخی نوێ هاتۆتە پێش و سەردەمی زێڕینمانە ، کاتی ئەوە هاتووە ، بەتایبەتی پسپۆڕان و شارەزایان و رۆشنبیران ئاوڕێکی جدی لەو زوڵم زۆرانە بدەن ، کە بەدرێژایی مێژوو لە میللەتی کورد کراون ، چونکە ئەوەی بەخۆت دەینووسی هەرگیز لەگەڵ ئەوانەی لەسەرت دەنووسن ، بەراورد ناکرێ .

تەواوی ئەم زانیارییانەی لەم راپۆرتەدا هاتوون ، لە کۆڕی رۆژی 16 / 7 / 2002 بنکەی کاوەی رۆشنبیری کوردی ئامادەکراوە کە لەلایەن عەبدولقادر بریفکانی بەناونیشانی " ئەزموونم لە چاپەمەنی ومێژوویی بزاڤی کورد و بارزانیی نەمر " پێشکەش کرا :

### زۆرداری دوژمنان و هەوڵەکانی کورد

لە کەس شاراوەنییە ، کە هەر لە زوویێکەوە زوڵم لەگەلی کورد کراوەو تا ئێستاش هەر بەردەوامە ، ئەوەش ئاشکرایە کە کورد بەهەموو توانای خۆیەوەو بەپێی بارودۆخەکان تێکۆشاوەو بۆ رزگاری و ئازادیش درێغی نەکردووەو ناشکات .

لە سەدەی بیستەمدا شۆڕشی دەرسیم بە نامرۆییانەترین شێوە سەرکوت کرا ، بەشێوەیەك خوێن جوگەلەی بەستووە ، ئەوکاتیش جەماوەری تورك برۆسکەیان بۆ مستەفا کەمال ناردووەو تێدا ئەوەیان باسکردووە ، کە خوێنی کوردان جوگەلەی بەستووە ، ئەویش لە وەڵامدا بە جەنەڕاڵە تۆرانیەکە دەڵێ :

" ئێستا تۆ ئومێدو هیوای میللەتی تورك بونیاد دەنێی و میللەت هەموو هیوایەکیان لەسەر تۆ بونیاد ناوە " .

ئەم زوڵمەش هەموو هیوایەکی میللەتی کوردی لەناوبرد ، بەڵام شۆڕشی چاکسازیی شێخ عەبدولسەلام و عەقڵی بارزانیی نەمر جارێکی دیکە بەهانای کوردان هات و ئومێدی پێ بەخشیەوەو بناغەیەکی تۆکمەی بۆ بزوتنەوەی نیشتمانی کوردی دانا ، کە دواتر مستەفا بارزانیی نەمر بەردەوامی پێدەدات و لەسایەی خەباتی نەپساوەو بەردەوامی ( 50 ) ساڵەیدا بەم قۆناغەی کورد چاوی لەم ئەزموونە دیموکراتییەی هەرێمی کوردستان بڕیووە ، بۆ ئەوەی خەون و هیوا گەورەکانی کورد بێنێتەدی .

## بارزانی و هێماو میللەتی کورد

هێماو رابەر لەناو هەر میللەت و نەتەوەیەکدا هەروا بەئاسانی و لە خۆڕا دروست نابێ ؛ واتە دروست ناکرێ مستەفا بارزانیی نەمر کە ئیچستا سومبوڵ و رابەری نەتەوەیی کوردە ، هەروا بەئاسانی پێی نەگەیشتووە ، بەڵکە لەوە سەرچاوەی گرتووە ، کە تەواوی ژیانی خۆی بۆ کورد تەرخان کردووە هەموو هەڵوێست و هەڵسوکەوتەکانی بۆ کورد بوونە و خۆی بە خزمەتکاری ئەو میللەتە ستەمدیدەیە داناوە ، لەوەش زیاتر کوردی گەیاندە ئەو قۆناغەی ئێستا تێدا دەژێت .

## بارزانی لە وتەی سەرکردە و دیپلۆماتکارانەوە

زۆرکەس و سەرکردەی میللەتان قسەیان لەسەر بارزانیی نەمر کردووەو نووسیویانە ، هەر بۆ نموونە وتەی هەندێك لەوانە دووبارە دەکەمەوە :

- جەمال عەبدولناسر لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ئەمین هوەیدی لە قاهیرە ، ئاماژەی بە مەنزلیەتی بارزانیی نەمر کردووەو لە ئەنجامی سەرۆکایەتیدا کورسیەك بەناوی مستەفا بارزانی هەبوو دەیگوت ئەوە جێی مستەفا بارزانییە ، هەر چ کاتێکیش بەرپرسانی بەغدا دەچوونە میسر ، ئامۆژگاری دەکردن ( بەسە غەدر لە کوردان مەکەن و چەك بەکار مەهێنن ، بڕۆن سوود لە ئەزموونی مستەفا بارزانی وەربگرن ، چونکە بارزانی ئەو رابەرەیە ، چ جار بە دەست ئێمە ناکەوێ و بابێتە هەڤاڵی ئێمە نەك تورك و فارس هەڤاڵێتی بارزانی بکەن ) .
- جۆرج ئێف ، ئەوکاتەی لە ساڵی 1974 بالیۆزی ئەمریکا بوو لە ئێران ، لە بالیۆزخانەی ئەمریکا داوەتی مستەفا بارزانی دەکات ، شێوازی دانیشتنی مستەفا بارزانی لەسەر کورسی بەهەڵۆی سەر زەوی و ئاسمان دەچوێنێ و دەڵێت : ( کەتەماشای چاوەکانم دەکرد ، وەك هەڵۆیەك دەهاتە بەرچاوم ، کە لەسەر چیایەك راوەستاوەو لە دوور دەڕوانێت ، بۆیە موستەهەقە هەموو هاریکارییەکی بکەین ) .
- مارگرێت تاتچەر : لەساڵی 2000 دا لە دەزگای ئینتەرناشناڵ کە دەزگای چاپ و بڵاو کردنەوەی بەریتانیایە کتێبی مستەفا بارزانی بە زمانی ئینگلیزی چاپکراو لە ئەوروپا و ئەمریکادا بڵاوکرایە ، تاتچەر لەسەردانەکەی خۆی نووسیوێتی : " لەخوێندنەوەی چیرۆکی مستەفا بارزانیدا بۆم

دەرکەوت کە شەوو ڕۆژ بۆ میللەتی خۆی خەباتی کردووە تێکۆشاوە ؛ نەزستان لای ئەو زستان بووەو نەهاوین ، هاوین بووەو نە گەرماش ، گەرمابووەو نەسەرماش ، سەرمابووە ، ئێستا تێگەیشتم کە میللەتی کورد موستەهن ئەو پێگەیە وەربگرن ".

## رابەرو سەرکردە

جیاوازی نێوان رابەرو سەرکردایەتی لەوەدایە ، کە رابەر پێشەوای پیچشکەوتنی میللەت دەکات و نایەتە گۆڕان ، دەپرسین : چۆن ناگۆڕێت ؟

هەرگیز نەمانبیستووەو نەمانزانیووە مستەفا بارزانی گوتبێتی من رابەری کورد ، بەڵکە لەسەدەی بیستەم گوتیەتی : من خزمەتکاری میللەتی کوردم .

برادەرێکم بەناوی محەمەد عەرەبی ، لە ساڵی 1986 ، کە ئەو کاتە قوتابی بوو ، دواتر بووە وەزیری گواستنەوەو گەیاندن لەحکومەتی مەغریبدا ، گوتی : ئێمە لەمەغریب نەماندەزانی کورد چییە ، تا رۆژنامەی لیمۆندی فەڕەنسی لەلاپەڕەی خۆی باسی مستەفا بارزانیی کرد .

## بارزانی لە ویژدانی نووسەرانەوە

جگە لەسەر کردەو دیبلۆماتکاران ، زۆر لە نووسەرو هۆزانڤانە دیارەکانی جیهانیش لەسەر مێژووی پڕ لە چالاکی بارزانیی نەمریان نوسیووە ، وەك نمونە ئاماژەی بە هەندێکیان دەکەین :

* **محەمەد حەسەنێن هەیکەل** :

سەبارەت بە دیاری خۆی لەگەلج بارزانیی نەمر نووسیوێتی : لە مێژبوو ئارەزووی دیتنی رابەری میللەتی کورد بووم ، لەبەر ئەوەی رێگای دیداری ئەو رێگای پیادە بوو ، بۆمن زۆر زەحمەت بوو ، کاتێك لە ساڵی 1976 گەیشتمە تارانی پایتەختی ئێران ، دەستیان گرتم و منیان بردە کەرەج .

دەڵێ : من هەڵۆیەکم دیت ، لە ژمارەی 31 ی ئەیلوولی 1976 لە رۆژنامەی ( الوطن ) ی کوێتیدا بابەتێکی بە ناونیشانی ( پیرە هەڵۆی کوردستان لە دوورە وڵاتدا دەژێت " بڵاو کردەوە ، لەوێدا نووسیوێتی :

" حەیف ومخابن بۆ ئەو خیانەتەی لە بارزانی کرا ، نەدەبایە خیانەتی لێکرابایە ، نەدەبایە عێراق و ئێران لەگەڵ یەك رێك بکەون و ئەوها لەو میللەتە بکەن ، چونکە کورد میللەتێکی سەربەرزن " .

- **ئیدگار ئۆیلانس** :

لە لەندەن کتیچبێکی بە ناوی " شۆڕشی کورد 1961 – 1973 ) بڵاو کردەوەو تێدا نووسیوێتی :

" چیرۆکی میللەتی کورد ، چیرۆکی مستەفا بارزانییە " .

## کتێبی بارزانی و ئەزموونێك

ساڵی 1996 یەکەمین کتێبم لەسەر بارزانیی نەمر لە ئەهرام دەرچوو ، بۆ ماوەی شەش مانگان گفتوگۆمان لەگەڵ ئەهرام کرد ، زۆر بەگرانی رەزامەندییان لەسەردا ، کاتێك لەگەڵ بنکەیەکی ئیعلامی عەرەبی لە قاهیرە گفتوگۆمان کرد ، ئەگەر وێنەی مستەفا بارزانی لەسەر کتێبەکە نە بایە ، ئەوە چاپ نەدەکرا ، چونکە ئەوان منیان نەدەناسی و دەیانگووت ئەو عەبدولقادر بەریتانییە کێیە ؟

وێنەی بارزانی بووە هۆی چاپکردنی کتێبەکە ، چونکە ئەهرام کاتێك کتێب چاپ دەکات ، ئەوە وڵاتانی عەرەبی هەموویان ئەو کتێبە قبوڵ دەکەن .

کاتێك حوسنی موبارەك پێشانگای 6 ی ئۆکتۆبەری کردەوە و سەیری کتێبەکانی کرد ، کتێبی مەلا مستەفای هەڵگرت و گوتی :

" بارزانی رابەرێکی مەزنە و لەسەرمان پێویستە مێژووی ئەو مەزنە بخوێنین " .

## ئایندەی میللەتی کورد

گەلی کورد نەتەوەیەکی دێرین و رەسەنە ؛ بەڵگە مێژووییەکان ئەوە دەسەلمێنن ، کە دوای لافاوی نوح ، مرۆڤایەتی لە کوردستان سەری هەڵداوەتەوەو لەوێوە بۆ ئەوروپا و ئەمریکا پەرپەوەتەوە ، جگە لەوەش گەلی کورد زۆر خزمەتی شارستانی و کەلتووری دراوسێکانی کردووەو چەندین رووناکبیریان لێ هەڵکەوتووەو بەشدارییان لە بونیاتنان و پەرەپێدانی فەرهەنگ و کەلتووری ئەو وڵاتانە کردووە ، کەتیایدا دەژین .

ئێستاش دوای ئەو هەموو قوربانیە بێشومارەو کارەساتە گەورانەی بەسەریدا هاتووە ، بە قۆناغێك گەیشتووەو لە رێگای ئەزموونی دیموکراتیدا بوونی خۆی وەك توخمێکی کارای سەقامگیری ناوچەکە سەلماندووە ، پێویستە ئەوە بۆ جیهان ئیسپات بکەین ، کە ئەگەر دەرفەتمان بۆ برەخسێ ، ئەوە دەتوانین زیاتر خزمەت بە مرۆڤایەتی بکەین .

دیارە بەشێکی گەورەی ئەم هەوڵەش دەکەوێتە ئەستۆی شارەزاو ئەکادیمی و رۆشنبیرانەوە ، کە تا پێیاندەکرێ ، مێژوو وکەلتووری میللەتەکەمان وەك خۆی بە جیهان بناسێنن و لەسەریشمانە باس لەو غەدرو شێواندنانە بکەین کە لەخاك و میللەت و کەلتوورو فەرهەنگمان کراوە .

بەروار : 16 / 7 / 2002